# له پشت كێوەوە

## بۆ محمەد عمر عوسمان

سابیر صدیق

گەواڵەیەک دێت

بەری خۆر دەگرێت

جەمسەری ئاسمان دێنێتەوە یەک

بایەک هەڵدەکا

باران دادەکا

سیمای گەش دەبێت

سکڵی چەند شعریک دەگەشێتەوە

باران و هەور و گڤڤەی ڕەشەبا

گەردوون دەکەنە تۆپێکی خڕو

دەیهێننە ناو ژوورەکەیەوە

** ** **

پایز وەک سیمای

پایز وەک ناخی

ڕووت و سادەیە

پایزان گەڵا و چرۆ و گوڵ دەگریّ

باخی ئەندێشەو بێستانی ئاخی

** ** **

پایزی خۆشوویست

پایزی پەرست

لەبەر خاتری چاوان و قژی

بایەک شەرابی سکاڵای ڕشت و

"گوڵە"خان ڕەنجاو سەرنجی نەدا

لە لووتکەی عەشق و لە تەمومژی

** ** **

دایکی

ژنێکە سەوادی نییە

دوێنێ ئاگری

بە چەند شعرێکی ئەو کردبۆوە

پێیووت دایە گیان

میوان ئازیزە

دڵی غوربەتی و ئارەزووی وێڵی

ئەم میوانەی خۆت لەپای چی سووتان

** ** **

ئای لەسەر کورسی ڕەقی چایخانەو

**لەکەناری ڕێ**

**چەندە گریاو کوڕوزایەوە بۆ کۆچی کچێ**

**بەنیازی ئەوەی خۆی بخڵافێنێ و**

**دڵێکی مردووش تاوێ بهەژێ**

**لەبەختی بەدو سیا چارەی**

**"کەسێ نەبوو کەس"**

**هەر تەنها خۆیی و جگەرەکەی بوون**

**بەیادی چرپە و**

**ئۆخەی سەر سینەی دەسووتان و بەس**

** ** **

**ئەی دنیای پشتکێو**

**پشتکێوی سەخت و**

**چڕ و گەردن کەش**

**پشکێوی کەندو**

**کۆسپ و کێزرەی ڕەش**

**تۆ بڵێی لەژێر**

**تاشە بەردێکدا**

**جێگەی پیاوێکی نامۆبێتەوە**

**تۆ بڵێی ئاخۆ!**

**لە گوێ ڕووبارێ**

**یا لە ژێر سایەی دارە بەنێکتا**

**دڵێکی مردوو زیندوو بێتەوە**

**دەمەو ئێواران شنەیەک هەڵکاو**

**"تەمی دوو دڵی و**

**هەوری خۆکوشتن**

**لە دڵ و سەریا بڕەوێتەوە"**

---

گوندی هەرگێنە1987